# پۆست سیناریۆی ڕەش

جەمال کۆشش

**بەشی دووەم : فایلی ئیران.....سەرەتای سەرنگونی کۆماری ئسلامی ئیران ...**

ڕەوەندی سەرنگونی کۆماری ئیسلامی ئیران دەستی پیکردووە. کۆماری ئیسلامی ئیران لەتەنگژەیەکی گەورەدا پەلوپۆدەکوتیت, هەژاری تەواوی کۆمەلگەی تەنیوەتەوەو چینە نیوەندییەکان بەرەو هەژاری پالپیوەدەنرین و هەژارەکان وکریکارەکانیش ڕۆدەچنە خوار هیلی زیندەگی و هەژارییەوە. پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەولەت تەواو فەرامۆشی کردوون و داهاتی نەوت کە بڕیاربوو ئەمەیان بوژانەوەیەک بخاتە نیو دەولەت و پرۆژەکان, بیئاکام و مایەپووچ بوو. لەباری سیاسیەوە دەولەت لەسەر شەپۆلیک لەناڕەزایەتی جەماوەری و خەلک لەنگەری گرتووە. هەموو کات لەئاستانەی هەلچوونە جەماوەرییەکاندا پیشهاتی لەنیوچوونی نزیکە.

شەڕی دەولەتانی تەوەرەی شەڕ,بەتایبەت ئیران لەئیستادا لەعیراقدا بەرپایە.بەشیوەیەکی بەرتەسک و لیرەولەوی, هەندی جار بەشیوەی دانوستان و هەندیجاریش تیهەلچوونی گەرم و کردەوەی بەرتەسکی خیرا.ئەگەر عیراق بەگۆڕەپانی ئەمەریکا تەماشا بکەین, ئەوا ئیستا هیزەکانی ئیران لەنیو قوولایی بەرەکانی جەنگی ئەمەریکادا چالاکی دەکەن. ئەم هاوسەنگیە بەدلنیاییەوە قەبوولکراو نیە و لەنزیکماوەشدا وەها نامینیتەوە و شەڕ دەچیتە قوولاییەکانی خاکی ئیرانەوە. بەبۆچوونی من حالەتی چۆنیەتی ڕووخانی حکومەتی بەعس و گرتنی بەغدا و ئاکامی شەڕو پرۆسەی تاواندنەوەی حزبی بەعس و شکلپیدانەوەی حکومەت و دامەزراندنەوەی د ...ئەم شیوازانە هیچکامیان بۆ ڕووخاندن و لەنیوبردنی کۆماری ئیسلامی ئیران بەمەرەد ناخۆن و ئەزمونی عیراق بەکەلگ نایەن و نە کۆمەلگای ئیران دەتوانریت کۆمەلگای عیراق بیت و نەئۆپۆزسیۆن و نەحکومەتەکەی .تەنانەت زۆریک لەو سیاساتە جەنگیانەی کە بۆ ڕووخانی حکومەتی بەعس و بۆ تیکشکاندنی تیرۆریزم بەکارهاتن لەماوەی 3سالی ڕابردوودا لەعیراقدا بەکەلک نەماون, شتیک کە تەنها گەشەی کردووە تەکنەلۆجیای شەڕە وهیچی دی. بەبۆچوونی من ئەوە تەنها ئەمەریکایە بڕیاری شەڕ لەگەل ئیران دەبڕیتەوە و هەندیک دەولەتانی بچووک و لاکەوتەی ئەوروپای شەرقی نەبیت, دەولەتی عیراق و هیزە ناوچەییەکان نەبیت. نە ئەوروپاو نەبەریتانیا و تەنانەت نەئوستralیاش هیزە کانی خۆیان لەپرۆژە جەنگیەکەی ئەمەریکا ناخەنە گەڕ. سیناریۆکەی تەواو تاریک و نادیارە. دواتر هەندیک لایەنی تری تاوتوی دەکەم بەلام ئیستا چاوخشانەوەیەکی گشتی بۆ ئەم ڕووبەڕووبونەوە میژووییە بەپیویست دەزانم کە بەشیکی ئەدەبیاتی سیاسی ئیرانی فەرامۆشی دەکەن .

سەرکەوتنی هیلی ئەحمەدی نەژاد, پیداویستیەکی بۆرژوازی ئیسلامی ئیران بوو, میکانیزمی نیوخۆیی گۆڕینی دەسەلات لەنیو ئەزمەیەکی نیوخۆیی و دەرەوەدابوو کە ئەحمەدی نەژادی تا بەرزترین لوتکەی دەسەلاتی دەولەتی بەرزکردەوە. ئەحمەدی نەژاد دوا پرزەدینتی کۆماری ئیسلامی ئیران دەبیت.وتەمەنی ئەحمەدی نەژاد تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئیرانە و لەگەل لەنیو چوونی ئەم خەت و دیاردەیە, کۆماری ئیسلامی ئیران لەناوچەکە دەفەوتیـت . بۆرژوازی ئیسلامی لەئیران حکومەتیکی دەخواست کە دەورانی گفت وگۆو((دیالۆگی شارستانیەتەکان)) کرانەوە بەرەو ئەوروپاو نەرمی نواندن بەرامبەر بەنۆرمی ئەروپایی ڕەدکاتەوە, دژی ئەمەریکایی دەمەزەد بکاتەوە و پان ئیسلامیزم توندتر بکاتەوە, حکومەت یەکدەستتر بکاتەوە. بەبۆچوونی من چەند حکومەتی تازەی خومەینی بۆجیگیر بوون و مانەوەی دەسەلاتی پیویستی بەشەڕ لەگەل عیراق بوو, وە تەواوی بۆرژوازی ئیسلامی پاککردەوە لە مەیل و نیەتە لیبرال و نیوە ناسیۆنالیستەکان, ئیستاش

ڕۆژگاری بۆرژوازی جۆرێک حکومەتی ئیسلامی دەخوازێت کە شەڕ بکات وشەڕ دەسەلاتی دابین بکات. بۆ نێوخۆیی ئیران بۆرژوازی هەموو ڕەهاییەکی دایە دەزگا سەرکوتکەرەکانی و قەسابخانەیان بەرپاکرد وتراژیدیان حولقاند, بەلام خەلکی ئیران هێشتا ووزەی بەرەنگارییان و هیوایان بەڕزگاری بەهێزی خۆیان یەکجار بەرزە.بۆ ئەحمەدی نەژادیش هەروایە. جەنگاویکردنی کۆمەلگا و بەدوژمن ناساندنی ئەوانی دی و بەکلتوورو بەدین و بەخەلک و دەولەتیانەوە, قەهراویکردنی دەسەلاتە وهێشتنەوەی شەرعیەتی قەهراوی بوونی دەسەلاتی سیاسی دەولەت و سەرکوتی بێپەردەی هەر جموجوولێکی جەماوەری, سیاسی و سەربازییە.

مێژووی شکلگرتنی دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئیران,  ناکۆکە لەگەلّ واقعیاتی کۆمەلایەتی و سیاسی و کلتووری ئیراندا, تەنانەت دەولەتی ئیران خاوەن سەرمایەیەکی وەک سعودی عەرەبیش بێت ناتەبایە لەگەلّ ئاسۆی ژیانی کۆمەلانی ئیران. دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئیران تەنانەت لەباری مۆدیرنیزمی ستراکتوری و پرەنسیپ و ئۆرگان و دامەزراوەکانیشیەوە لەحکومەتی بەعس بەفرسەخ دواکەتووتربوو. شتێک کە کۆماری ئیسلامی بەپالّ وەدەردەنرێ مەسەلەیەکی واقعیە.

ئەحمەدی نەژاد لەنێو بازنەیەکدا هەلدەسوڕێ کە پێویستی بەوە هەیە لەچەقەوە ئاڕاستەی ڕووبەڕووبونەوەکان تەواوی مەیدانی بازنەکە بگرێتەوە, دەولەت جێگایەکی مەرکەزی لەنێو تەواوی بۆرژوازی ئیسلامی وەردەگرێت. بەلام بەبۆچوونی من بازنەی ڕووبەڕووبوونەوەکە یەکجار بەرتەسک بۆتەوە وپانتایەکی فراوانی بۆ هەلبژاردن لەبەردەمدا نەماوەتەوە. مەسەلەی لوبنان بەسەر ئەمەریکادا تێناپەڕێت. کارتی ئەتۆمی پێویستی بەهۆشیدارنێکی جددی تر هەیە, وە شەڕی ئیران لەخاکی ئەمەریکیدا و ڕاستەوخۆ بوونی دەستی ئیران لەکوژرانی **176** سەربازی ئەمەریکیدا....ئیدی ڕاگەیاندنی شەڕی ئەمەریکا لەدژی کۆماری ئیسلامی ئیران تەنها بلاوکردنەوەی ماوە ودەقی ڕاگەیاندنەکەش نووسراوە.

لەئێستاوە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتووی شەڕی ئەمەریکا لەگەلّ کۆماری ئیسلامی ئیران زۆر ڕوون نیە, نە تەنها بۆ چاودێرەکان بەلکە بۆ خودی لایەنەکانی دەرگیریش. بەلام دەتوانرێت چەند گرێیەک و تونێلێک  شیبکەینەوە وڕۆشنبکەینەوە. بەبۆچوونی من شەڕی ئەمەریکا لەگەلّ دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئیران وڕووخاندنی ئەم دەولەتە پێشهاتێکی حەتمییە و پەیوەندی بەدامەراندنی ستراتیژی ئەمەریکیەوە هەیە لەناوچەی  ڕۆژهەلات. ستراتیژی ئەمەریکی جگە لەهەژموونی جیهانی و بالادەستی لەدارشتنەوەی سیستەمی نوێی جیهانی کە بەم هەنگاوەی دەچێتە ئاسەتێکی بەراوورد نەکراو لەگەلّ دۆست و دوژمنە ئەوروپاییەکانیدا, گەلێک هۆکاری لۆکالێشی هەیە کە نەخشەی سەرکەوتنی ئەمەریکا بەسەر بازاڕ و نەوت و دامەزراندنی ناوچەی پرۆ ئەمەریکایی وەک دەولەتانی ئەمەریکای لاتینی دەوەرەیەک دابین دەکات.شەڕ لەگەلّ تیرۆریزمی ئیسلامی و نابوودکردنی پەیوەندییەکی گەورەی بە دەسەلاتدارەتی دەولەتی ئیرانەوە هەیە و بۆتە مایەیەی سەر ئێشەی گەورە بۆ بالادەستی هەژموونی ئەمەریکا. بەبۆچوونی من ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئیران لە ئەرکە دەستبەجێیەکانی دەولەتی بۆشەو لەنەخشەی سەربازی ئەمەریکیدا, نێوێکی تری هەیە دەولەتی ئیران و تەنانەت ئەگەر سەر زەمینی جوگرافیایەکی تریشینەبێت. دووەم مەسەلەیەکیش کە بڕدرابێتەوە لەلای دیک چینی و  ئیدارەی سەربازی وسیاسی بۆش, ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئیرانە.

خەلکی ئیران بەشێوەیەکی گشتی لەپلانی ئەمەریکیدا کەمترین دەخالەتیان هەیە, خەلکی ئیران بەشێوەیەکی ڕێژەیی پرۆ ئەمەریکایی نین و باوەڕێکی گەورەیان بەهێزی خۆیان هەیە.ترادسیۆنی سیاسی و کۆمەلایەتی و چالاکبوونی حزب و گروپ ئۆپۆزسیۆنەکانیان ئەمەیان خولقاندووەو بەهێزی مەیلی چەپگەرایی و مۆدێرنیزمی کۆمەلگای ئیران ئەمەی خولقاندووەو پەیوەندییەکی بە دژی ئەمەریکایی بوونی کۆماری ئیسلامی نیە. بەشێوەیەکی گشتی ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی حکومەتی

دینی ڕەددەکەنەوە. پیکهێنانی دەوڵەتیکی وەک مالکی بۆ ئیران نەشیاوە و ناتوانیت دوو ڕۆژ بمینیتەوە. شانسی جۆریک لەدەوڵەتی کارەزای زیاترە.تەنانەت هەموو پرۆسەی ڕووخانی تالیبان و پیکهێنانی دەوڵەت و کۆنگرەی بۆن ....بەشیوەیەکی فراوانترو هەمەگیرتر ئیحتمالی بەکارهێنانی خوازراوترە لە ئەگەرەکانی عیراق. بەبۆچوونی من ئیمە وەک کۆمۆنیستەکان و بەرەی دژی جەنگ ناتوانین مەسەلەی ئەم شەرە بوەستینین. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئیران لەلایەن دوو هیزەوە خەریکە دەڕوخینری بەرەی خەڵک و بەرەی شەڕ. ئیمە خەڵک لە جەنگی ئەمەریکاو دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئیران ئەم دوولایەنە بەدوور بگرین, ئاوات وهیواکانی خەڵک بۆرژواپرۆئەمەریکیەکان بەکارنەهینن بۆ سواربوونی شەپۆل وشەپیوری شۆرش. دەوڵەتی ئەمەریکا هەموو پلانیکی نائینسانی ونادیموکراتی تر لەخودی کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ سیاساتی جەنگی خۆی بەرەوا دەبینی , بۆ بۆرژوازی ناوخۆش پاساو دەهینیتەوە. ئیمە لەسەر مانە بەتەواوی هۆشیارییەوە خەڵک لەو پلانانە ووشیاربکەینەوە و زیانی کارەساتەکان کەمتربکەینەوە. مەسەلەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی لەلایەن خەڵکی ڕاپەڕیوەوە پیشهاتیکی مەسەلەی ڕۆژە و نابیت هیچ پەیوەندییەکی بەم پلانەی ئەمەریکاوە هەبیت. نابیت بۆرژوا پرۆ ئەمەریکیەکان لەحکومەتی ئایندەدا ڕۆلیکی گرنگیان هەبیت. ئیرادیکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەئیراندا پەرش وبڵاویەتی, نەبوونی حزبی رابەری سەراسەرییە,نەبوونی رابەرانی ناسراوی قالبووی نیوخەڵک و کریکارانە, ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و حزبی پەراگەندەی تاراوگەیە و پەیوەندی سیاسی حزبی فراوان و سەراسەری بەخەڵک و کریکارانەوە یەکجار لاوازە. .بەبۆچوونی من ناڕەزایەتی جەماوەری دەستپیدەکات بەهەڵکوتانە سەر بنکەکانی قەرارگا و پادگا ومۆڵگاکان, کاتیک هەست بەدەستکۆتاکردنی ماشینی سەرکوتی دەوڵەت دەکات. ڕیک وەک هەستانە جەماوەرییەکانی عیراق.خەڵک هەستی کرد پەنجەکانی دیکتاتۆر قرتینراون, ئەوان دەستەکانیان بڕیوە. خەڵک کە سامی جەلادیکی لەلا شکا , ئیدی خۆبەخۆ هەڵدەستی وخۆپیشاندان دەکاو بڕوخی بەرز دەکاتەوە وپەلاماری چەک دەداو و خەونەکانی لەشیوەی کۆمەڵی شیعاری جەماوەری سادەدا ڕادەگەیەنیت.

نەقشی دەوڵەتی عیراق لەسیاسەتی جەنگی ئەمەریکا دژی کۆماری ئیسلامی ئیران وەرجەرخانیک پیکدەهینی لەبونیادی گشتی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عیراقدا. دەوڵەتی عیراق بیلایەن نابیت لەم جەنگەداو تەواوی ئیمکاناتی خۆی دەخاتە پیناو سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکاوە. ناکریت هاوشیوەی دەوڵەتی ئەسیوبی بیت بۆپشتیوانی حکومەتی سۆمالی, بەڵام هەموو ئامادەییەکی تیا هەیە. بۆ پیشمەرگەی کوردستانیش کە بەنوییی نیونراون پاسەوانانی سنوورەکان, چونەتە ریزی هیزی سەربازی دەوڵەتی مالکیەوە, لەوە ساناتر نیە لە پرۆسەی ئازادکردنی کوردەکانی ئیران بەشداری چالاک بکەن. دەوڵەتی عیراق کۆمەڵیک بنەما هەن بەرواڵەت پەیوەندی نزیکی وئیعتمادی گرنگ بەکۆماری ئیسلامی ئیران بەیەکیانەوە دەبەستیت. وەک لیستی شیعەو مەرجەعیەتی هاوبەش و مەرزارگاوپەیوەندی ئابووری و سیاسی وجوگرافی, بەڵام هەموو ئەمانە دەتوانن کەمتر لەشەو ڕۆژیک بگۆڕدرین وبنەمای سیاسەتی ستراتیژی هاوبەشی ئەمەریکایی بوون بکریتە خاڵی پتەوی پەیوەندی دیرینەی دانیشتوانی هەردوو گەلی موسڵمان.

بەبۆچوونی من ئیسلامی سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵات بەتیکشکاندنی کۆماری ئیسلامی ئیران بەخیرایی بەرەو شکستیکی گەورەی میژوویی دەچیت. پرۆسەیەکی تر دەستپیدەکات و لەنیوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرزەمینی خاکی ئیران دەبینین. بەپیچەوانەی هەلومەرجی عیراقەوە, ئیسلامی سیاسی توانای بەرهەڵستکاری نەخشەو پلانەکانی ئەمەریکای نیە و پیناچیت لەداهاتووشدا کردەوەی گەورەی تیرۆریستی ئەنجامبدەن. کیشمەکیشی داهاتووی کۆمەڵگای ئیران, لەسەر دەوڵەت, ئازادییەکان, مافەکان,...لەنیوان هیزەکانی ئەمەریکاو نەخشە وپلان و

سیاسەتەکانیان, لەلایەکی ترەوە لەنێوان چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان دەبێت.بەبۆچوونی من ئەمە سەنگەری واقعی و داهاتووی بزووتنەوەی ئێمە پێکدەهێنێ.

www.dengekan.com
2007-03-06